# بۆ رای گشتی

چەند رۆژێکە راگەیاندنەکانی تورکیا پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە لەلایەنی پارتیمانەوە(پچدك) لە شاری کەرکوك هەڕەشە لە بەرەی تورکمانی کراوە و بڵاوکراوە بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراوەتەوە.

وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ئەم هەواڵانە بەهەڵبەستراو و ناڕاست و دروستکراو دەبینین و پێمان وایە هەواڵێکی نەزۆکە و بۆ دروستکردنی دووبەرەکی و نائارامی لەشاری کەرکوکدا بڵاودەکرێنەوەو ئامانجی شاراوەی سیاسی لەپشت دروستکردنی ئەمجۆرە هەواڵانەوەن. بۆیە بەئەرکی سەرشانمانی دەزانیین کە لەم رووەوە جەماوەری گەلەکەمان و رای گشتی ئاگاداربکەینەوە و داوایان لێدەکەین کە وشیاربن لەبەرامبەر ئەوجۆرە پروپاگەندانە کە تەنیا ئاژاوە لەگەڵ خۆیدا دێنێت و گومان و بێ متمانەی دەخاتە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بەگشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی.

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

**(18 / 11 / 2007)**